

# چۆن دەبێتە خاوەن رووخسارێکی نەرم و ناسک ؟

گەرمای ئەوساڵ درێژەی کێشا، ئیدی ئەوە کاریگەری لە سەر جوانی خانمان دەبێت، تا چەند خانمان ئاگاداری رووخسار و سەر و چاو و پێستیان بن، ئەوەندە لە جوانیدا بەرچاو و ناسك دەبن، بەتایبەت لە کاتی رۆژدا، کە تیشـــکی هەتاو ئەوەندە بەتینە، دەبێتە هۆی وشککردنی خانەکانی پێست، لەوانەشە وردە خاڵی بچووك و پەڵەی رەش لە دەم و چاویان دەربکەوێت. تۆی خانمیش بۆ خۆ پاراستن لە نەشێواندنی رووخسارت لەو وەرزە گەرمەدا، هەروەها پاراستنی جوانی و سرووشتی دەم و چاوت لەم چەند خاڵەدا بدۆزەوە، کە تایبەتە بە کاتەکانی بەیانیان و ئێواران.

بەیانیان: ســپێدەی هەموو رۆژێك ســێ هەنگاوت لە پێشە تا گرنگی بە رووخسارت بدەیت و پاکی رابگرێت و پارێزگاری لێبکەی، ئەوانەش:

١- پاککردنـــەوە، گرنگترین کارت دەبێ کە بەیانیان دەم و چاوت بە جوانی پاك بکەیتەوە و تا هەموو خانەکانی پێســتت کارا بێت، چاکترە بە ئاوی شلەتێن دەم و چاوت بشۆیت تا رەنگدانەوە و جوانی لەسەر رووخسارت دەر بکەوێت.

٢- کرێمی نەرمکردنەوە: بەشێکی دیکەی کارەکانت لە دوای پاککردنەوەی دەم و چاوت، ئەوەیە پاشـــان کرێمی نەرم کردنەوە و بەلســـەم بەکاربهێنی، چونکە ئەو کرێمە پارێزگاری لە پێکهاتەی ناوەوەی خانەکان دەکات و پاکی رادەگرێت.

٣- دژە هەتاو: گرنگترین هەنگاوت دەبێ، لەو کاتەی زانیت دەچیتە بەر تیشـــکی هەتاو، وا چاکە کرێمی دژەهەتاو بەکاربهێنێت، تەنانەت ئەگەر بەر تیشکی هەتاویش نەکەوتی، ئەو کرێمە دەتپارێزێت لە هەوای گەرم.

ئێواران: وەکو چۆن بەیانیان چەند ئەرکێکت لەســەرە، ئێوارانیش پێویستت بە چەند هەنگاوێکی دیکە دەبێت، ئەو ماندووبوونە مایەی پێســتێکی جوان و نـاســك و کارامە دەبێ، بۆیە خۆتی بۆ ئامادە بکە، با بزانین ئێواران پێویستت بە چی دەبێ:

١- کاتێك لە دەوام و کار و دەرچوونت دەگەڕێیتەوە، پێویســـتە ئەو کرێم و بەلســـەم و بۆیانەی ســـەر دەم و چاوتن لابچێ، چونکە لە دەرەوە چەندین گەردیلەی هەوایان هەڵگرتووە، بۆیە دەبێ سەرەتا ئەو پیسی و خاشاکەی سەر رووخسارت پاك بکەیتەوە.

٢- ســپرۆم، کرێمێکە پێســت لە چرچ و لۆچی دەپارێزێت و تەمەنی پێستیش جێگیر دەکات و پیری ناکات، کە ئەوەش لە دوای پاککردنەوە بەکاربهێنە، یان هەوڵبدە میوەو ســەوزە بخۆیت، تەنانەت دەتوانی سوود لە خواردنەوە و شەربەتەکانی میوە و سەوزە وەربگریت.

بڕێکی زۆر ئاو بخۆوە، چونکە لەو رۆژە گەرمەدا، جەستەت بڕێکی زۆر ئاوی سەرف کردووە و خانەکانی پێستیشت وشك بووە، بۆیە دەبێ قەرەبووی ئەو وشکبوون و کەم ئاوییە بکەیتەوە.





# ڕەش و سپی
# بۆ ڕەنگی نینۆکەکانی دەستت

مەناکیر، ئـــەو هونەرە جوانکارییەیە، کە ماوەیەکە لەســـەر پەنجەکانی دەســـت دەردەکەوێـــت، بریتییە لە نەخش و دیزاینی جۆراوجۆری ڕەنگاوڕەنگ و هەمەچەشـــن لەسەر نینۆکە بچووکەکان، هەر تەنیا نەخش و شـــێوە نییە، بەڵکو تێکەڵی نێوان ڕەنگەکان و گونجاندنی چەند ڕەنگێك ئامادە دەکرێن. لە پێشـــوودا زیاتر باوی نەخشـــکردن بوو بۆ نینۆکی دەستی ئافرەتان، ئەوەشیان لە دوو جۆر بوون، یەکەمیان نەخشکردن کردنی سەر نینۆکەکان بوو، کە ئەوەش ماندووبوونێکی زۆری دەویست، بەشی دووەمیش نینۆکی بە نەخشـــی ئامادەکراو بوو، کە ڕاســـتەوخۆ لە نینۆك دەخرا. تازەترین شێوەی نەخش و مۆدی بۆیەی نینۆك، بریتییە لە لێکدانی هەردوو ڕەنگی ڕەش و ســـپی لەســـەر نینۆکی پەنجەکان، وێڕای ئەوەی نینۆك هەر خۆی سپییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕەنگی ڕەشی بۆ دەخرێتە سەر و زیاد دەکرێ، هەندێ لە دیزاینەرانی نینۆك، وا هەست دەکەن ڕەنگی نینۆکیان ئەوەندە ســـپی نییە، بۆیە ڕەنگی ســـپیش لەگەڵ ڕەنگە ڕەشەکە بەکاردەهێنن، هەروەها دەتوانی دوای دانانی هەردوو بۆیە ڕەش و سپییەکە، هەندێك وردە سیم کە لە شێوەی بۆیەدا هەن، لە نێوان ڕەنگە ڕەش و سپییەکە بدەیت تا جیایان بکاتەوە.



# دوو ئێکسسوار لەیەک کاتدا

ئـــەو گۆڕانـــکاری و تازەگەرییانەی لە بەرهەمی جوانکاریدا دەکرێن، وای لـــە خانمانەوە کردووە کە دوودڵ و نیگەران بن لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی کەرەســـتەیەك، یان ئێکســـسوارێك تا خۆیانی پێ بڕازێننەوە. لە ماوەی ڕابردوو ماوەیەکی ســـست بوو لـــە بواری جوانکاریدا، کە بڕێکی کەم لە مۆد و شـــێوازی تازە هەبوون و تەنانـــەت دەرکەوتنیان ڕێژەیی بوو، وادیارە لە کۆتایی وەرزی هاوینەدا، کۆمەڵێك ئێکســـسوار و کەل و پەلی جوانکاری لە بەردەستی دیزاینەران کەوتە بەر دیدی کچان و خانمان تاسوودیان لێوەربگرن بۆ جوانکردنی خۆیان، لە تازەترین ئێکســـسواری پرچ و تەوقە و پرچ بەستندا، جوانترین و نایابترین ئێکسسوار دەرکەوت، کە جۆرە کەرەستەیەکە بۆ جوانی و ڕازاندنەوەی پرچ بەکاردەهێندرێت، هەروەها ئەرکی سەرەکیشـــی بەستنی پرچە، ئەو تەوقەیە، لە شێوەی گەڵا و کوولەی گوڵەگەنمە، هەندێکی دیکەشـــیان لە شێوەی لق و پۆپی گەڵای دارە، ئەو شێوازە ڕاســـتەوخۆ دەچێتە ســـەر پەڕەمووچی باڵندە، کە پارچەیەکی بچووکە و درێژە، پەڕەکانیشی لە گەڵای دار نەخێشندراوە، واتە ئەو ئێکسسوارە پێکهاتەی نێوان لقی دار و پەڕموچی باڵەندەیە، لە دوو ڕەنگی سەرەکیش پێکدێن، ڕەنگی یەکەمیان زەرد و ڕەنگی زێڕە، ڕەنگی دووەمیش لە ڕەنگی سپییە، ئەو تەوقەیە خۆی لە دوو ئێکسسوار دەبینێتەوە، ئەگەر لە پێشەوەی سەر دەربکەوێ، دەبێتە ئێکسسوارێکی تاجە سەر، ئەگەر لە دواوە دەربکەوێ، خۆی لە تەوقەی پرچ بەســـتن دەردەکەوێنێت.

## شاجوان و شۆخە سیاسەتمەدارەکان



لە نێو سیاسەتمەدارەکانی کوردستان، ژمارەیەکی کەم ئافرەت دەبینین. گەرچی بەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر بوون، بەڵام وەك وڵاتانی جیهان بە گشتی و ئەوروپا بەتایبەتی نین، ئەوەتا لە نێو سیاسییەکانی ئەوروپا، کۆمەڵێك ئافرەتی لێهاتوو هەن، لەوانە، ڕاوێژکاری ئەڵمانی (ئەنجێلا مێرکل). لەو وڵاتانەدا تەنیا ئەوە نییە کە ئافرەتی سیاسەتمەداریان هەیە، بەڵکو لە نێو ئافرەتە سیاسەتمەدارەکانیشیان، شاجوانی شۆخ و شەنگ هەن. لە دواترین هەڵبژاردنی جوانترین ئافرەتە سیاسەتمەدارەکانی جیهان و وڵاتانی ئەوروپا، (١٠) ئافرەتیان هەڵبژاردووە، کە جوانترینن نێوان هەمووان، بەمەش نازناوی شاجوانی سیاسەتمەداریان پێبەخشراوە، ئەو شاجوانانەی ناو سیاسەت ئەوانەن: ئانا ماریا گۆلجۆن- ئیستونیا، ئۆرلای لێزی- ئیسرائیل، سێتریدا گیاجیا- لوبنان، ئەلینا کابایڤا – ڕووسیا، جولیا بۆنك- ئەڵمانیا، ئەنجیلیا گیرکاۆ و ئیڤا کایلی – یۆنان، ماریا کارفاگنا – ئیتاڵیا، لوسیانا لیۆن- پیرۆ، یوری فیجیگاوا، ژاپۆن.

## گوندێکی تایبەت بە ئافرەت

شوێنێك هەیە هەزاران کچی شۆخ و شەنگی لێیە، هەموویشیان داوا دەکەن کوڕێکی جوان بێتە ناویانەوە و ببێتە هاوسەریان. ئەو شوێنە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و خاوەنەکەشی ئافرەتێکە، ناوی (ماتلین ڕۆبەر)ە تەنیا کچان و ئافرەتانی لەم شوێنەدا داناوە، تا بە جوانی کارەکانیان بکەن و خۆیان خەریك نەکەن بە خۆ جوانکردن و ماکیاژ، تا لەبەر چاوی پیاوان جوان بن ناویان



# ئۆتۆمبێلێک لە شێوەی پاژنە بەرزی ئافرەتان

لەلات سەیر نەبێ و دەمت نەکرێتەوە ئەگەر ڕۆژێك لە شەقامەکانی کوردستان، پێڵاوێك، یان پاژنە بەرزێکی ئافرەتانت بینی لە شێوەی ئۆتۆمبێلێك بێت و لە نزیکتەوە تێپەڕبێت، چونکە ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلە لە وڵاتانی دراوسێماندا هەن، ئەوەتا سەیرترین و گەورەترین پێڵاوی ئافرەتان کە ئۆتۆمبێلێکە، بە نێو شەقامەکانی شاری تاران-ی ئێراندا دەسووڕێتەوە، خەڵکیش لە جوانی ئۆتۆمبێلەکە وێنەی لەگەڵ دەگرن. ئەو ئۆتۆمبێلە لەلایەن پیاوێك دروست کراوە کە ناوی (عەلی واکسیما)ی (٤٢) ساڵانە، ماوەی (١٨) ساڵە لە بواری ئاسنگەری و ئۆتۆمبێلدا کار دەکات، تا ڕۆژێك ئەو بیرۆکەیەی بۆ هات کە ئۆتۆمبێلێکی لەم جۆرە دروست بکات، ئەو ئۆتۆمبێلە بە (٣) تایەوە دەڕوات و شێوەی لە پێڵاوێکی پاژنە بەرزی ئافرەتان دەچێ، ماوەی (٨) مانگ پێوەی خەریك بووە تا دروستی کردووە، تا ئێستا لەلایەن زۆر کەسەوە داوای لێکراوە کە ئۆتۆمبێلەکەی پێبفرۆشن، بە تایبەت کچان و ئافرەتان.




## ـــان و مەرجەکانی شووکردنیان

لەو گوندە ناوی (نۆڤا دوکۆدێریۆ)، کە دەکەوێتە باشووری وڵاتی بەڕازیڵ، نزیکەی (٦٠٠) ئافرەت لەو شوێنە هەن، بیرۆکەی خاوەنی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە کە ئافرەتان تا دوور لە پیاوان بن، کاری باش دەکەن و هەموو توانایان بۆ کار تەرخان دەکەن، نەوەك بۆ خۆ جوانکردن و خۆڕازاندنەوە. ئەو خانمانەی لەم شوێنەدا کار دەکەن، تەمەنیان نێوان (٢٠ تا ٣٥) ساڵانە، تەنانەت هەندێکیان منداڵیشان هەیە، بەڵام زۆربەیان کچن و حەز دەکەن شوو بکەن، بەڵام دەبێ بە مەرجی ئەو شوێنە ڕازی بن کە چەند مەرجێکە گرنگترینیان کە ئەگەر ئافرەتەکان لەسەر کار بوون، نابێت پیاوەکانیان بانگیان بکەن و خەریکیان بکەن.






**کاور ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەهۆی کێشەت لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەت، خەریکە کارەکانت شپرزەیی پێوە دیار بێت. پێویستە زیاتر بایەخ بە تەندروستی خۆت بدەیت، زیاد لە پێویست خۆت ماندوو مەکە، لە ئایندە زیاتر بایەخی تەندروستی خۆت دەزانیت و ئەو کات هەست دەکەی دەبوایە ئەو خاڵە گرنگەت لە بیر بووایە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەندێ کات بۆ خۆت و کەسی نزیکت تەرخان بکە، تا ماوەیەك لە نزیکەوە لەگەڵ یەکتر بن و دووری مەهێڵن. دەبێت سوود لەم کاتە گرنگە وەربگریت بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانت، بەخت دەبێتە هاوڕێت و زۆربەی شتەکان لە بەرژەوەندی تۆ کۆتاییان پێدێت. دەبێت بەشێوەیەکی زانستی بەرنامە بۆ ژیانت دابنێی.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

تا دەتوانی خۆت لە ئازار و خەم بە دوور بگرە و هەوڵبدە کەسێکی بەسوود بیت. ئەم ماوەیە چەند کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەی و هەست بە ئاسوودەیی دەکەی بە هۆی ئەوەی ماوەیەکە ئارەزووت ئەکرد و کاتت نەبووە، هەر ئەمەش وادەکات لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستکەوتی گرنگ بەدەست بهێنیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

تۆ شایستەی ئەو جۆرە مامەڵەکردنە نیت کە ئەو کەسە بەرامبەرت دەیکات، بۆیە چارەسەری ئەو کێشە بکە، بە بێ ئەوەی چاوەڕوان بکەی لەلایەنی سۆزدارییەوە گۆڕانکاریت بەسەردا دێت، کەسێکی نزیکت دەیەوێت زیاتر بایەخی پێ بدەی، بۆیە هەوڵ دەدات زیاتر سەرنجت ڕابکێشێت.




**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


ڕێگە لە کەسێك مەگرە کە نیازی خێرە و سوودی بۆ تۆ هەیە. لە هەستەکانت قووڵ مەبە و بە سانایی بیر لە ژیان بکەوە، خۆت وا پیشان بدە کە توانات هەیە ڕووبەڕووی هەر گرفتێك ببیتەوە. زۆر جار ئەو هەستە وات لێدەکات زیاتر گەشبین بیت و بە ئاسانی کێشە و گرفتەکانت چارەسەر بکەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پێویستت بە کاتە تا ئەو کارەی ئێستات جێبەجێ ببێت و تۆش ئارامت نەماوە. دەبێ پەلە نەکەیت لە کارەکانت. ئێستا لە زۆربەی بوارەکاندا گۆڕانکاریت بەسەردا هاتووە. هاوڕێکانت هەست بەمە دەکەن، چاوەڕوان بە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو هەواڵێکی خۆشت پێدەگات.





# فێڵکاریی چاو



- زۆر جار لە نمایشە سیحرییەکان دەبینین، کە کەسێك لە نێو تابووت، یان سندووقێکدایە و لە ناکاو دەبێتە دوو پارچە و پاشان چاکیش دەبێتەوە، بەوەش دەبێتە جێگەی سەرسامی بینەرانی. ڕاستی ئەو کارە بەم شێوەیە، کە بە دوو حاڵەت دەکرێ، یەکێکیان دوو ئافرەت دەخەنە ناو سندووقێکەوە و کاتێك ساحیرەکە قسە دەکات، هەر ئافرەتێك دەچێتە لایەکی سندووقەکە، خۆشی دەچەمێنێتەوە، حاڵەتێکی دیکەش ئەوەیە کە سندووقەکە ژێرەوەی هەیە و ئافرەتەکە بەشێکی جەستەی دەخاتە بەشی خوارەوەی سندووقەکە، ئەگەر ڕاست دەکەن، با سندووقەکان لە شووشە بن و دیار بن !

# مردووشۆری ئۆتۆماتیك!



بەهۆی ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی کە مردوو دەمرێ پێویستی بە شووشتن دەبێ، بەتایبەت لە وڵاتی ئێران و وڵاتە عەرەبییەکان بە دەست پێراناگەن، بۆیە مردووشۆری ئۆتۆماتیکیان دروست کردووە، ئەو ئامێرە لە وڵاتی چین دروست کراوە. ئێرانییەکان ویستیان شتێك بهێنن تا مردوو بشوات، بەڵام پیاوانی ئایینی ئەو وڵاتە ڕەزامەندییان نەدا لەسەر ئەوەی بە کەرەستە چینی بێت، بە بڕوای ئەوان کەرەستەکان لەلایەن کەسانی بێ ئایین دروست دەکرێن، بۆیە ناتوانرێ لە بواری ئایینی ئیسلامەوە بەکاربهێندرێت. بۆیە هەر لە وڵاتی خۆیان ئەو ئامێرەیان دروست کرد، ئامێرێکی ئۆتۆماتیکە و مردووی تێدا دادەنرێ و لە هەموو لایەك ئاوی پێدا دەکات، پیاوانی ئایینی دەڵێن: دەبێ ئەو کەسەی دووگمەی ئامێرەکە دادەگرێ، دەبێ نییەتی مردووشۆری بهێنێ و ناوی خوا بهێنێت، کە دوای ئەوەی مردوو دەهێنن و دەیخەنە ناو ئامێرەکە بۆ چەند خولەکێك بە جوانی دەیشوات و دواتر دەنێژرێت.

# بە کورتی شاجوانی کوردستان بناسە




ئەو وێنە جوانانە، کچێکی شۆخ و شەنگە، شاجوانێکە لەگەڵ ئاڵای کوردستان وێنەی گرتووە، پڕ بە دڵی ئاڵای کوردستان بەرز دەکاتەوە، تەنانەت و خۆی و ئاڵاکەی دەستی، یەك لە یەکتر جوانترن، ئەوە شاجوانی کوردستانە، کە شانازی بەو ئاڵایە دەکات، (فێنك محەمەد) لەدایکبووی ساڵی (١٩٨٨)ی شاری سلێمانییە، ئێستا لە وڵاتی سویسرا دادەنیشێت و زمانەکانی (فەرەنسی و ئیسپانی و ئینگلیزی) دەزانێت، حەزیش بە کاری فۆتۆگرافەر و گەشت و وەرزشکردن دەکات، درێژی باڵای (١٦٩) سەنتیمەترە و کێشی (٦٠) کیلۆگرامە، فێنك خان، بۆ چەند ساڵێکە شاجوانی کوردستانە و بەهۆی دووبارە نەکردنەوەی پێشبڕکێی شاجوانی، تا ئێستاش تاجی شاجوانی لەسەر دەنێت.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئاراستەی بیرکردنەوەت بۆ کارەکانت گونجاوە و لە جێگەی خۆیەتی، تەنیا ئەوە نەبێ کە بەسەر چارەسەریدا زاڵ نابێت، هەست دەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆربەی شتەکان لە بەرژەوەندیتدان، بەتایبەتی کاتێك دەبینی بەشێوەیەکن وەك خۆت دەتەوێت، ئەمەش وات لێدەکات زۆر هەست بە ئاسوودەیی بکەی.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەر کارێك دەکەیت وا چاکە راوێژ بە کەسانی دڵسۆزت بکەیت، بەتایبەت ئەو کەسەی لەلات گرنگە، خۆت قسە لەگەڵ کەسی بەرامبەر بکە و ئەوەی لە دڵتدایە پێی بڵێ، نەك کەسی سێیەم بێتە نێوانتان، دەکرێت ئێوە قسەی ناخی دڵتان بکەن بە بێ ئەوەی کەسێکی دیکە نهێنییەکانتان بزانێت.



## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بیر کردنەوەت بۆ داهاتوو جوانە و بەم جۆرە رەفتار بکە، دوور بکەوە لەو کەسانەی هەوڵدەدەن پێوەندی نێوان خۆت و نزیکترین هاوڕێت تێك بدەن. بە قسەی کەس مەکە و تۆ زیاتر لە هەر کەسێك هاوڕێکەت دەناسیت، بۆیە مەهێڵە ئەو قسانە هیچ کاریگەری لەسەرت درووست بکات.



## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ماوەیەکە بڕوا و متمانەت بە خۆت نەماوە وا هەست دەکەی کەسێکی فەرامۆش کراوی، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، هەڵەی خۆشتی تێدابووە. دەبوایە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆت لەبەر چاو بووایە کاتێك بیرت لە داهاتووت دەکردەوە، لە ئایندەیەکی نزیك باری گوزەرانت باشتر دەبێت.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨


کارێك مەکە کە دواتر لێی پەشیمان ببیتەوە. هەر بڕیارێکت لەم ماوەیە پەلە مەکە و بۆ ماوەیکی دیکە دوای بخە. بە بێ هیچ ترسێك هەستی خۆت بە کەسی بەرامبەرت بڵێ، ئەم ماوەیە لایەنی سۆزداری لە بەرژەوەندی تۆدایە. بەڵام کات و شوێنی گونجاو هەڵبژێرە کاتێك ویستت ئەو داوایەی ئاراستە بکەیت.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەنگاوی تەواوت بڕیوە تا لەگەڵ کارەکانت بەرەو ئامانجت ڕێگە بگریت، کەسایەتیت گونجاوە لەگەڵ رەفتارەکانتدا، بەڵام زیاتر ئارام بە و هێمنی خۆت بپارێزە کاتێك تووڕە دەبیت، هەرچەندە زۆربەی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە بە خێرایی تورە نابن، بەڵام تووڕەبوونەکەیان بە ڕێژەیەکی زۆرە، چارەسەرێك بدۆزەوە.

# پەند و وتە!



- گاندی مەزن، دەربارەی ئەو هۆکارە سەرەکییانەی مرۆڤایەتی لەناو دەبەن دەڵێ:

چەند هۆکارێك هەن کە مرۆڤایەتی لەناو دەبەن و دیارترینیان ئەوانەن: زانستێکی بێ کەسایەتی و پڕ لە خۆبایی، سیاسەت کردنێکی بێ بنەما، چێژ وەرگرتن بەبێ ویژدانی، بازرگان و سەرمایەداری، بەدڕەوشتی و بێ هەستی.

# تابلۆ

**- کچە بەناز و جادووگەرەکە**

پۆرتریتێکی نایابی وێنەکێشی نەمساوی (گۆستاف کلیمت)ە، کە باس لە کچە گەنجێك دەکات، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە هەموو شتێکی بۆ بەرجەستە بووە، ئەو کچە ناوی (مادا ئۆجینا ریمافیشی) بووە، خەڵکی وڵاتی نەمسا بووە و باوکی بازرگان بووە و دایکیشی کاری ئەکتەری کردووە. گۆستاف، ئەو وێنەیەی پێچەوانەی ژیانی کچەکە کردووە، وەك ئەوەی کەسێکی جادووگەر بێت و هاتبێتە ناو گیانی ئەو کچە، بۆیە هەر شتێکی بیەوێ، بۆی دەبێ. گۆستاف، حەزی بە دونیای منداڵ بووە، لە ساڵی (١٨٦٢) لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩١٨) کۆچی دوایی کردووە، ئەو وێنەیەشی (٦) ساڵ پێش مردنی کێشاویەتی.





# شاژنی دووپشک ببینە!

ئەگەر لە دوور و نزیکەوە دووپشکێك ببینین، دەیکەینە دەنگە دەنگ و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەین دووپشکەکە بکوژین، یان لە خۆمانی دوور بخەینەوە، کەچی ئەو ئافرەتە تایلەندییە، سینگ و بەرۆکی خۆی بە دووپشك داپۆشیوە، وەك ئەوەی دووپشك دۆستێکی نزیکی خۆی بن. (ساریچا ئیبیان) ئەو ئافرەتەیە، کە دۆستی دووپشکە، دووپشکە ژەهراوییەکانیش ئەو ئافرەتەیان خۆشدەوێ و ئازاریشی نادەن. ئەوەتا نزیکەی (٢٤) دووپشکی لەسەر سینگی داناوە و بەبێ ئەوەی هیچیان پێوەی بدەن، یان گازێکی تێبگرن، ئەو ئافرەتە لە شاری (باتایا) دەژی، هەر لە باخچەیەکی ئاژەڵانی ئەو شارە ئەو کارە دەکات، کە نمایشکردنە لەگەڵ دووپشکەکاندا، هەر بۆیە لە وڵاتی تایلەند، بە شاژنی دووپشکەکان ناسراوە، چونکە بە بەردەوام ئەو برە دووپشکەی لەسەر بەرۆك و سینگی هەن و یەکێکیشیان ئازاری نادەن، تەنانەت دەیانخاتە ناوی دەمی خۆیەوە بەبێ ئەوەی شتێکی لێبکەن.